www.kurdistannet.org 23-9-2002

# بڕیارەکانی دووهەمین دانیشتنی کۆڕی زانستی زمانی کوردی ئێران

به ناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

دووهەمین دانیشتنی کۆڕی زانستی زمانی کوردی ئێران ڕێکەوتی ٨١/٦/٢٩ له شوێنی ئەنستیتۆ فەرهەنگی کوردستان له تاران به ئامادە بوونی بەڕێزان: ١- عەتا نەهایی ٢- دکتۆر عەزیز ژیان ٣- دکتۆر جەلالیزادە ٤- بارام وەلەدبەگی ٥- ڕەزا شەجیعی ٦-بەختیار سەجادی ٦- کامەران ڕەحیمی ٧- کاڤ عەاەوی ٨- فاڕووق کەیخوسرەوی ٩- مەنسوور تەیفووری، پێك هات.

که لەم دانیشتنەدا ئەندامان بەڕای گشتی له سەر ئەم بڕیارانه ڕێکەوتن.

١- دامەزراندنی چەندین لێژنه بۆ دابەشکردنی پسپۆڕانەی چالاکیەکانی کۆڕ، که لێژنەکان بریتی دەبن له :

الف - لێژنەی هەڵسەنگاندنی کتێبه فێرکاریەکان.

ب - لێژنەی لێکۆڵینەوەی زاراوەکانی زمانی کوردی.

ج - لێژنەی زاراوەسازی و وەرگێڕان.

د - لێژنەی سەرپەرشتی و هاو ئاهەنگی فێرکاری زمانی کوردی.

و - لێژنەی فەرهەنگ نووسی.

ه - لێژنەی زمان ناسی (Linguestic).

ی - لێژنەی تایبەتی دەرکردنی گۆڤاری کۆڕ (دەستەی نووسەران).

٢- ناردنی نامەیەکی کراوە له لایەن کۆڕەوە بۆ بەرپرسی ڕادیو و تەلەفزیونی کۆماری ئیسلامی ئێران سەبارەت به شێواندن و خراپ بەکارهێنانی زمانی کوردی له قەناتە کوردیەکاندا . هەروەها بڵاوکردنەوەی نامەکه له میدیا و ڕاگەیاندنه گشتیەکاندا.

٣- هەوڵ بۆ سازکردنی چەند دیدارێك له گەڵ بەرپرسانی دەوڵەت و فەرهەنگستانی زمانی فارسی بۆ بەرەسمی کردنی خوێندنی زمانی کوردی به پێی یاسای بنەڕەتی ئێران.

٤- ناردنی ئەساسنامەی پێشنیاری کۆڕ بۆ هەموو ئەندامان بۆ دەنگدان و ساغکردنەوە.

٥- بڕیار درا که کتێبی (فێرکاری زمانی کوردی) نووسراوەی کاك فاڕووق کەیخوسرەوی پاش پێداچوونەی لێژنەی سەرپەرشتی فێرکاری زمان، چاپ بکرێت.

٦- بڕیاردرا دانیشتنەکانی کۆڕ له داهاتوودا یەکەم هەینی هەر مانگ بێت.

٧- بڕیاردرا کۆڕ کتێبی تایبەتی فێرکردنی ڕێزمان و ئەدەبی کوردی بۆ قۆناغی - سەرەتایی - ناوەندی و خوێندنی باڵا له ژێر چاوەدێری لێژنەیەکی تایبەت ئامادەی چاپ بکات.

٨- بڕیاردرا نامەیەك بۆ هەموو نووسەران، ڕۆشنبیران و بسپۆڕانی بواری نووسینی کوردی له ناوەوە و دەرەوەی وڵات به مەبەستی داوای هاوکاری و ئەندامیەتی له کۆمیتە تایبەتەکانی کۆڕ به پێی ویست و توانای کەسەکان، بەرێبکرێت.

٩- هەروەها دەقی ئەو ریکەوتنامەی نێوان کۆڕی زانستی زمانی کوردی له ئێران، له گەڵ کۆڕی زانیاری کوردستانی عێراق خوێندرایەوە که لەوێدا هەردوو کۆڕ له سەر کۆمەڵێك خاڵی سەرەکی بۆ هاوکاری کردن ڕێکەوتبوون خرایه بەر باس.

١٠- تا سەقامگیر بوونی تەواوەتی کۆڕ، له شوێن و ئیمکاناتی ئەنستیتۆ کوردستان و مۆڵەتی ڕەسمی ئەنستیۆ کوردستان بۆ کارەکانی کۆڕ کەڵك وەر بگیردرێت.

له کۆتاییدا کۆڕ دەستی هاوکاری بۆ هەموو دڵسۆزانی زمان و ئەدەبی کوردی درێژ دەکات و جەخت له سەر ئەوەش دەکات که ئەم پرۆژه پێویستی به بەشداری هەمەلایەنه بۆ سەرکەوتن هەیه.